# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩١٧ ■ دووشەممە، ٣١ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ _ ٢٠ی ئاپریلی ٢٠٢٦

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




کاتێک سیستەمی سیاسیدا مەرجەعییەتی دینی ببێتە ئاراستەدەر و ڕێنمای سیاسەتی دەرەوە، ئەمە دەبێتە هۆی پشتبەستن بە پێوەرە مەزهەبییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. لە کاتێکدا یاسای نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای یەکسانیی سەروەریی نێوان دەوڵەتان دامەزراوە لە دەرەوەی هەر جۆرە مەرجەعییەتێکی ئایینی یان ئایدیۆلۆژی، بۆیە هێنانە ناوەوەی ئامرازە دینییەکان وەک پێوەری سەرەکی بۆ سیاسەتی دەرەوە، دەتوانێ دژایەتی دروست بکا لەگەڵ یاساکانی نێودەوڵەتی، کە لەسەر بێلایەنی و یەکسانیی یاسایی نێوان دەوڵەتان دامەزراون.

لاپەڕە ٥



حیزبەکان پێویستە لە چوارچێوەی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییدا خوێندنەوە بۆ ئەو هاوپەیمانەتییە بکەن. واتە هێزە سیاسییەکان دەبێ لە لۆژیکی تەواو حیزبی دوور بکەونەوە. مێژووی سیاسیی کورد نیشانی داوە کە کێبڕکێی حیزبی لە نێوان حیزبەکاندا توانایی ئەوەی هەیە ببێتە دوژمنایەتی و هەموو هەوڵێکی لێکنزیکبوونەوە و کاری درێژ ماوە تێک بدات. لەم دۆخەدا، هەر حیزبێک لە بەردەم دوو هەلبژاردن دایە: هاوپەیمانی وەک ئامرازێکی تاکتیکی بۆ بەهێزکردنی خۆی ببینێت، یان وەک بەشێک لە بەرپرسیاریەتییەکی گەورەتر بەرامبەر بە کۆمەڵگەی کوردی.

لاپەڕە ٨

## مستەفا هیجری لە پاڕلمانی ئورووپا:

# بزووتنەوەی کورد سەربەخۆیە و پاڵپشت بە خەڵکی کوردستان دەڕواتە پێشێ

## هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە بڕووکسێل و بارسێلۆنا




لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا سکرتێری گشتیی حیزب بۆ چەند دیدار و کۆبوونەوەیەکی سیاسی گەیشتە بڕووکسێل، پێتەختی بیلژیک و هەروەها بارسێلۆنا لە وڵاتی ئیسپانیا.

کاک مستەفا هیجری لە دیدارە دیپلۆماسییەکانیدا لە بروکسێل، لەگەڵ بەرپرسانی باڵای پارتە سۆسیالیستەکانی ئورووپا کۆ بۆوە و لە پارلەمانی ئورووپا وتاری پێشکێش کرد. دیدار لەگەڵ خاتوو ئایراکسا گارسیا، سەرۆکی گرووپی سۆسیال دێموکراتەکان؛ دیدار لەگەڵ دانیەل ئەتارد، جێگری نێردەی پارلەمانی ئورووپا بۆ کاروباری ئێران؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ میشێل گیهلێر، ئەندامی کۆمیسیۆنی دەرەوەی پارلەمانی یەکیەتیی ئورووپا؛ دیدار لەگەڵ پۆل مەنییێت، سەرۆکی حیزبی سۆسیالیستی بێلژیک و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەڤین ئینجە، ئەندامی پارلەمانی ئورووپا بەشێک لە دیدارە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بڕووکسێل و پاڕلمانی ئورووپا بوو. ئەو سەردانە لە ڕۆژانی ٢٥ هەتا ٢٧ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ کرا.

سکرتێری گشتیی حیزب دواتر سەردانی ئیسپانیای کرد و لە کۆبوونەوەی جیهانیی سۆسیالیستەکانی ئورووپادا بەشداری کرد. لەم کۆڕبەندە جیهانییەدا کە بە بەشداریی نوێنەرانی ٧٠ وڵات بەڕێوە چوو، کاک مستەفا هیجری وتارێکی لەسەر دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان پێشکێش کرد. سکرتێری گشتیی حیزب هەروەها لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتییە سیاسییە پایەبەرزەکانی ئورووپا دیدار و چاوپێکەوتنی کرد، وەک ستیفان لۆڤێن سەرۆکی پارتی سۆسیالیستەکانی ئورووپا، ئەڤین ئینجیر و ئاندریاس شیدەر، دوو پاڕلمانتاری ئورووپا؛ و هەروەها جیاکۆمۆ فێلیبێک، سکرتێری گشتیی پارتی سۆسیالیستەکانی ئورووپا.

هەر لە پەراوێزی کۆبوونەوەی لوتکەدا، سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ چەندین کەسایەتی و ڕێبەریی سیاسیی وڵاتان دیداری کرد، وەک محەممەد شتایە، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری فەلەستین؛ کۆنەر ڕۆسۆ، سەرۆکی پارتی "بەرەوپێشەوە"ی بێلژیک؛ تولای حاتیمۆغۆلاری، هاوسەرۆکی دەم پارتی و سردیان میلیڤۆیەڤیچ؛ سەرۆکی حیزبی دێموکراتی سێربستان. هاوکات لەگەڵ ئەم دیدارە سیاسییانە بەڕێز مستەفا هیجری لەگەڵ میدیا جیهانییەکانی وەک Europa، TVe Press و La Sexta وتووێژی و چاوپێکەوتنی هەبوو.




# شەڕی کۆماری ئیسلامی دژ بە کورد هەروا بەردەوامە

لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ماوەی دوو حەوتوو شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، دوژمنە دەرەکییەکانی خۆی ڕاگرتووە؛ بەڵام شەڕ دژی خەڵکی ئێران بەتایبەت کوردەکان لە هیچ کام لە بەرەکاندا نەوەستاندووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەس لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل بە بەردەوامی بنکە مەدەنییەکانی حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان و مەقەڕی پێشمەرگەکانی حیزبی بە مووشەک و درۆن بەئامانج گرتووە. ئەم هێرشانە کە ژمارەیان لە دەسپێکی شەڕەوە هەتا ئێستا زیاتر لە ١٠٧ جار بووە، شەهیدبوونی سێ پێشمەرگە، برینداربوونی کۆمەڵێک پێشمەرگەی دیکە و کاولکارییەکی زۆری بەدواوە بووە.

هەروەک لە بەیاننامەی ناوەندی هێزی پێشمەرگەدا هاتووە، کۆماری ئیسلامی وەک خووی هەمیشەیی دەیهەوێ تۆڵەی شکستی نیزامی، سیاسی و ئەمنییەتیی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی بە هێرشکردنە سەر کەمپ و بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکاتەوە. بەردەوامیی دەسبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد و پەروەندە دروستکردن بۆیان و میلیتاریزەکردن و سەپاندنی کەشی ترس و تۆقاندن لە کوردستان زیاتر لە هەر شوێنێکی ئێران بەرچاو دەکەوێ. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا ١٤ زیندانیی سیاسیی ئێعدام کردووە و زیاتر لە سێ هەزار هەڵسووڕی سیاسیی لە ئاستی ئێراندا دەسبەسەر کردووە؛ هاوکات لە سیاسەتی داگیرکاری و دەستبەسەرداگرتنی سامان و دارایی دژبەرانی نیزام بەردەوام بووە. پچڕاندنی ئینترنێت کە نەک هەر پێشێلکردنی مافێکی سەرەکیی خەڵکە، بەڵکوو زیانی چەند میلیارد دۆلارییشی لە ئابووریی وڵات داوە؛ بەرەیەکی دیکەی شەڕی کۆماری ئیسلامی لەدژی خەڵکی ئێرانە کە هەروا درێژەی هەیە.

شەڕی بەبێ ئاگربەسی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەدژی خەڵکی ئێران، بەتایبەت کورد ماوەی ٤٧ ساڵە بەردەوامە.


**وانەکانی قاسملوو لە سەردەمی شەڕ و ئاگربەسدا**
د. ئاسۆ حەسەن‌زادە
٤

**نەخشەی نوێی ژیۆپۆلیتیکی و بووژانەوەی ئابووریی جیهان**
شاڕوخ حەسەن‌زادە
٥

**دیپلۆماسیی ئێرانی؛ بیانوویەک بۆ کوشتنی کات**
ئازاد مستۆفی
٧

**هاوپەیمانیی کوردی لە ڕوانگەی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتییەوە**
د. ئازاد محەممەدیانی
٨

**ستراتیژیی ئێمە؟!**
سۆران عەلیپوور
١٠

